# دەوڵەتی کوردستان بەڕێوەیە؟

**نورەدین وەیسی**

لە درێژەی ئەو نووسینانەی کە ماوەیەکە بەچڕی لەسەر پەرەسەندنەکانی پرسی کورد لەمیدیای ڕۆژئاواییدا دەنووسرێن ڕۆژی 30/8/2006 ڕۆژنامەی بەنێوودەنگی کەنەدی The Globe and Mail نووسینێکی ئالان جەیمسۆنی بڵاوکردۆتەوە بەنێوی (کوردستانی ئێراق هیچ ڕێگەیەکی ئاسانی بۆ ئەمریکا نەهێشتۆتەوە) لەو وتارەدا کە نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی لەگەڵدا بڵاوکراوەتەوە نووسەر دوای خستنە رووی کورتە مێژوویەکی کورد باس لەوە دەکات کەئەزموونی باشووری کوردستان وردە وردە بەرەو دەولەتبوون دەچێت وئەمریکا یان دەبێ دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێ وئیدی دەولەتی کوردستانیش ببێتە ئیسرائیلی دووەم لەناوچەکەدا لەوەی کە هەم حکومەتەکەی وهەم دانیشتوانەکەی هاوسۆزو پشتیوانی ئەمریکاو ڕۆژئاوان، لەهەمانکاتدا سەربەخۆیی کوردستان رەنگە تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکاو ئەندامی ناتۆ هانبدات بۆ پەلاماردانی باشووری کوردستان وئەگەر ئەمریکاش ڕێگە بەوپەلامارە بدات ئەوە ئەگەری دروست بوونی لوبنانێکی دیکە سەرهەڵدەدات.

بەڵام ئایا پێشبینی میدیای ڕۆژئاوایی لە جێگەی خۆیدایە لەوەی ئەزموونی باشووری کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاودەنێت؟ ئایا لەسەر زەوی هیچ هۆکارو فاکتەرێك ئەو ئەگەرو پێشبینییە پشتڕاست دەکەنەوە؟

هەرکەسێك چاودێری سیاسەت وهەڵسوکەوتی هەردوو پارتی دەسەڵاتتداروميدياكانيان وقسەو ئاخافتن ولێدوانی بەپرسەکانیان بکات ئەوە هیچ گومانی ئەوەی لەلا نامێنێت کە ئەم دوو هێزە تەنانەت بەخەونیش بیرلەسەربەخۆیی وپێکهێنانی دەولەتێکی کوردستانی ناکەنەوەو هەموو کردەوەو رەفتاریشیان بەئاراستەی خێلپەرستی وحیزبایەتی وعیراقچیەتییە بەتایبەتیش یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە تەواو بووەتە حیزبێکی عیراقی و دوورونزیك هیچ پەیوەندییەکی بەناوەکەیەوە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان )ەوە نییەوبۆ ئەم مەبەستە با سەرنجێك لەو چەند نموونەیە بدەین کە ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن.

- لەدوای بوونی بەسەرۆکی عیراق وپێشتریش بەڕێز جەلال تاڵەبانی هەمیشە بەبۆنەو بێ بۆنە باس لەوە دەکات کە کورد سەربەخۆیی وجیابوونەوەی ناوێت وعیراق ژمارەیەکە دابەشبوون قبووڵ ناکات وسەربەخۆیی کوردستانیش تەنها خەونی شاعیرانە. !
- لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی الاتحادی ئیماراتی ڕۆژی 9/2/2006 بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی (دەرفەتم بدە روونیبکەمەوە کە زیادەڕۆییەکی زۆر هەیە لەباسکردنی دەولەتی کوردی وخەونی جیابوونەوە ،ئەوە شتێکی واقعی نییە،ئەو دەولەتە ئەگەر هاتوو دامەزرا هیچ پێگەیەکی راستەقینەی پێشکەوتنی نابێت وهەموو ئەوانەی

لەدەوروبەریدان مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن ولەلایەن تورکیا وئێران سوریاو عێراقەوە گۆشەگیردەکرێ ئیدی ئەوە چ دەولەتێکە! ئەوە پرۆژەی ئێمە نییە وبەئاشکراش ئەوە دەڵێین و ئێمە بەرژەوەندی گەلی عیراق لەسەرووی بەرژەوەندی کوردەوە دادەنێین) دەقی چاوپێکەوتنەکە بە کوردی لە ژمارە 230 هەفتەنامەی میدیادا بڵاوکراوەتەوە .

- لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی رۆژی 28/6/2006 کەدواتر لە گۆڤاری (لها)ش بڵاوکرایەوە هێرۆخانی هاوسەری جەلال تاڵەبانی دوای ئەوەی چەندینجار شاخەکانی کوردستانی بە شاخەکانی عیراق!!ناوبردووە دەڵێت (بەڕای من پرسی دابەشکردنی عیراق لە ئارادانییە)هەروەها دەڵێت( شەرم دادەمگرێ کەتا ئێستا هیچم بۆ بەغدا نەکردووە) وەك ئەوەی هیچ نەما بێت بۆ کوردستانی نەکردبێت.
- بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی شەرق ئەوسەتی لەندەنی رۆژی 1/6/2006 گوتی ئێمە رۆڵێکی بەهێز دەگێڕین لەپاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراقدا ،ئینجا موفتی لە جیاتی هەمووکوردستانیانی نیشتەجێی ئەوروپا بڕیاریداو گوتی لەدوای بوونی تالەبانی بە سەرۆکی عیراق ئێستا زۆرینەی کوردەکانی ئەوروپا دەڵێن ئێمە عیراقین یا کوردی عیراقین، ئەوەبوو ئەم لێدوانەی موفتی زۆر بە توندی لەلایەن کوردستانیانی ئەورووپاوە رەتکرایەوە.
- رۆژی 29/8/2006 بەڕێز نەوشیروان موستەفای جێگری سکرتێری ینك لە دیداریکی لەگەڵ رۆژنامەی ئەلئەهرامی میسریدادەڵێت( ئێمە دەمانەوێت لەعیراقدا ببینە نموونەیەکی باش نەك خراپ بۆ نموونە ئێمە هەوڵدەدین پردێك وهۆکارێك بین بۆ یەکپارچەیی عیراق نەك هۆکارێك بین بۆ دابەشکردنی عیراق ) لەوەش زیاتر نەوشیروان ئەگەرچی پێیوایە خەون وپێشبینی بەدیموکراسیبوونی عیراق بە دۆزەخ گەیشتووە کەچی داوا لە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی دەکات کە هەوڵی پاراستنی یەکێتی خاکی عیراق بدەن! جێگری سکرتێری یەکێتی وەك بڵێی قسەکەری هەموو کورد بێت بۆیە لەجیاتی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان قسە دەکات ودەڵێت( کورد لەئێران هاوڵاتی ئێرانن وبەشێکن لەدەولەتی ئێران و کوردەکانی سوریاو تورکیاش بەهەمان شێوە بەشێکن لەدەولەتی سوریاو تورکیا).
- یەکێتی یەکلایەنەو بەبێ ئەوەی کەس زۆری لێکردبێت ئاڵای بەعسی لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی خۆیەوە بەرزکردەوە، تەنانەت تاڵەبانی دووساڵ لەمەوبەر لە سەردانێکیدا بۆ ئوستراڵیاو لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ کوردستانیانی ئەوێ داوای لابردنی ئاڵای کوردستانی کرد چونکە ئاڵای عیراقی بە تەنیشتەوە نەبوو.!
- لە پاش بوونی تاڵەبانی بەسەرۆکی عیراق سیاسەتی پان عیراقیانەی یەکێتی بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو پەرەی سەندووەو میدیای یەکێتی زۆر لە کوردستان زیاتر بایەخ بە هەواڵەکانی عیراق دەدات بەجۆرێك دەکرێ بڵێین رۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆتە عیراقی نوێ! وئەگەر تاڵەبانی پێشوازی لەسەرۆك هۆزیا ئاخوندێکی شیعە یا کۆنە ئەفسەرێکی رژێمی بەعس بکات ئەوە بە سەردێڕێکی گەورەولەسەرووی

لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیە بڵاودەکرێتەوە ئیدی با ئەو ڕۆژە لەکوردستان هەزار ڕووداوی گرنگیش هەبێت وسەد خۆپێشاندان ڕوویدابێت!. خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش کە ڕاگەیاندنی پارتی ویەکێتی وبەتایبەتیش یەکێتی خوویان پێوە گرتووە بچووک کردنەوەو سووک کردنی ناوی کوردستانە بۆ ناوێکی نامۆو سەیروسەمەرەی وەك (هەرێم) !حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی هەرێم وسەرۆکی هەرێم و...هتد ئەو دەستەواژەیە ئەنتیکەیەن کە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنی هەردوو پارتەکە سەدپات دەبنەوە ، ڕاگەیاندنی یەکێتی زۆر تووڕەو ناڕەحەتە لەوەی کە ڕاگەیاندنی پارتی زۆربەی جاران بە سەرۆکی کوردستان نەك سەرۆکی هەرێم ناوی بەڕێز مەسعود بارزانی دەهێنێت و ڕاگەیاندنی یەکێتی تەنها لەم پرسەدا کوردستانیبوون دەفرۆشێ ودەڵێت ڕەوا نییە بە بارزانی بگوترێت سەرۆکی کوردستان چونکەبارزانی تەنها سەرۆکی پارچەیەکی کوردستانەوبەم کارە مافی پارچەکانی تری کوردستان دەخوا!. خۆ جەلال تاڵەبانیش تەنها سەرۆکی ناوچەی سەوزی بەغدایە وسنووری دەسەڵاتەکەی لە عێراق هەر هەتا ئەوێ بڕ دەکا ئیدی بۆچی میدیای ینك بە فەخامەتی ڕەئیسی جمهوریەتی عێراق نەبێت ناوی ناهێنێت وناوی سەرۆکی کوردستانیش بۆ سەرۆکی هەرێم کلکوگوێ دەکات؟!. وەك ئاشکرایە کەنەدا وڵاتێکی فیدرالییەو هەموو هەرێمەکانیش سەرۆکی خۆیان هەیە کەبە پریمیێر premier ناودەبرێن بەڵام بۆ نموونە هەرگیز سەرۆکی هەرێمی ئۆنتاریۆ یا کیبێك یا هەر هەرێمێکی تری کەنەدا بەسەرۆکی هەرێم ناونابرێن!.هەربۆیەش ناوبردنی دامودەستگاکانی باشووری کوردستان بە هەرێم جگە لە خۆبچووك کردنەوەوخۆسووك کردن هیچی دیکە نییە.

یەکێتی وپارتی بەدرێژایی ساڵانەی ڕابردوو داهاتێکی زۆری کوردستانیان لە پڕوپاگەندەی عێراقچیەتی ومەرایی وماستاوکردن بۆ عەرەب وعێراقییەکان خەرجکردووە وەك بەفیڕۆدانی داهاتی کوردستان لەبەستنی چەندین فێستیڤاڵ وکۆڕو کۆنفرانس بەناوی برایەتی کوردو عەرەب و ناونانی پارك وجادە بەناوی کەسایەتیی عەرەبەوە ، ئەوەبوو ماوەیەك لەمەوبەر نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاریان بەناوی فیستیڤاڵی بەهار دایە فەخری کەریمێك کە بەئاشکرا نەفرەت لە کوردبوونی دەکات ولەو فیستیڤاڵەدا چەندین شایەرو لۆتی بەعس هێنرابوونە هەولێر، هەرماوەیەك لەمەوبەر چەندهەزار دۆلارێك بەناوی چارەسەرییەوە لە ڕاهێنەری وەرزشی عێراقی عەمۆبابا خەرجکرا ! نازانم ئەو کابرایە چ پەیوەندییەکی بە کوردەوە هەیەو کورد بۆ قەرزاری ئەوە، ئەوکاتەی کورد ئەنفال وکیمیاباران دەکرا ئەو بابایە لەگەڵ عودەیدا پێکی شەڕابی هەڵدەدا ، لەلایەکی دیکەوە بە ڕەزامەندی پارتی ویەکێتی هەزاران عەرەب ڕوویان لە باشووری کوردستان کردووە کە وەك ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژی 2/9/2006 بڵاوی کردۆتەوەوپەیامنێرەکەی لە سلێمانیەوە ناردویەتی زۆربەیان پیاوی بەعس وئەفسەرانی موخابەتی ڕژێمی سەدامن وڕۆژنامەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند کەسێکیشیان کردووەوموخابەرات بوونی خۆیان نەشاردۆتەوە،هاتنی ئەوعەرەبە بەعسیانە بۆ کوردستان وەڵامی داواکاری تاڵەبانییە کەچەندینجار لە گەڵ ئەفسەرانی بەعسدا لەبەغدا ئامادەیی کوردستانی بۆ پێشوازی لێکردنیان

دەربڕیوە، سەرۆکی کوردستانیش لەکاتێکدا هەرچەند رۆژێك لەمەوبەر هوشداری ئەوەیدا کە رێگا نادەن جارێکیتر جاشایەتی سەرهەڵبداتەوە کەچی ئێستا سەرباری بەعسییە کوردەکان دەرگای کوردستانی بۆعەرەبە بەعسییەکانیش خستۆتە سەر پشت.!

پارتی ویەکێتی هەزاران پێشمەرگە وچەکداری خۆیان لە پێناو برایەتی درۆینەی نێوان کورد وعەرەب ویەکێتی خاکی عێراق بە کوشتدا وئەمڕۆش هەر ئەو عێراقەی کوڕی خەڵکیان لەسەر کردە قوربانی خەریکی زیندووکردنەوەی جاشایەتی و گۆڕینی ئەو فشە مافانەیە کە پارتی ویەکێتی دەڵێن لە دەستووری ئاخوندی عێراق بۆ کورد بەدەستمان هێناوە.!